مه جلیسی ئەولیا

به رگی یەکەم و دووەم

دانراوی:

مامۆستا مەلا محمدی شەڵماشی

۱۴۱۲ کوچی ۱۹۹۱ زایینی

شلماشی، محمد
مه‌جلیسی ئه‌ولیا به‌رگی ۲-۱/ داناوی محمدی شلماشی؛ پیاچوونه‌وه‌ی زبیر حافظ. ـ سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۷۹.
۲ج. در یک مجلد (۴۸۰).
ISBN: 964 - 6564 - 21 - 8 ۴۰۰۰۰ ریال.
فهرستنویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
کردی.
کتابنامه.
عارفان ـ ـ سرگذشتنامه. ۲. اسلام ـ ـ سرگذشتنامه. الف. حافظ، زبیر، ویراستار.
ب. عنوان.
BP۲۷۸/ش۷۸م۹ ۲۹۷/۸۹۲
کتابخانه ملی ایران ۱۲۸۵۰ ـ ۷۹م

بلاوکردنه‌وه‌ی کوردستان
Kurdistan Publication
سنندج- پاساژ عزتی- تلفن: ۲۲۶۵۳۸۲

مه‌جلیسی ئه‌ولیا

✓ ناوی کتێب (نام کتاب):	مه‌جلیسی ئه‌ولیا
✓ داناوی (تألیف):	محمدی شلماشی
✓ که‌رەتی چاپ (نوبت چاپ):	سێهەم (سوم): ۱۳۸۶
✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۳۰۰۰ دانه (جلد)
✓ ژمارەی لاپەڕەو قەوارە (تعداد صفحه و قطع):	۴۸۰ صفحه‌ی وزیری
✓ بلاوکەرەوە (ناشر):	بلاوکردنه‌وه‌ی کوردستان (انتشارات کردستان)

نرخی: ۴۰۰۰ تمه‌نه
شابک: ۸ ـ ۲۱ ـ ۶۵۴۶ ـ ۹۶۴
ISBN: 964 - 6545 - 21 - 8

سەربەسەکان (ناوەرۆک)

پێشەکی ۹
۱ـ ئیمام جەعفەری سادق ۱۶
۲ـ وەیسی قەرەنی مایدەشت ۲۶
۳ـ حەسەنی بەسری ۳۵
۴ـ مالیکی کوڕی دینار ۴۳
۵ـ ئیبراهیمی ئەدهەم ۵۰
۶ـ بیشری حافی ۶۰
۷ـ زوننونی میسری ۶۸
۸ـ بایەزیدی بوستامی ۷۷
۹ـ عبدالله کوڕی موبارەک ۸۵
۱۰ـ سەفیانی سەوری ۹۳
۱۱ـ شەقیقی بەڵخی ۱۰۲
۱۲ـ حاتەمی ئەسەم ۱۱۰
۱۳ـ مەعروفی کەرخی ۱۱۹
۱۴ـ سەری سەقەتی ۱۲۶
۱۵ـ جونەیدی بەغدادی ۱۳۴
۱۶ـ مەنسووری حەللاج ۱۴۱
۱۷ـ حەبیبی عەجەمی ۱۵۰

١٨ـ ئەبولحەسەنی خەرقانی ١٥٩
١٩ـ ئەبووبەکری شیبلی ١٦٨
٢٠ـ ئیمامی حەنەفی ١٧٥
٢١ـ ئیمامی مالیک ١٨٣
٢٢ـ ئیمامی شافیعی ١٩٢
٢٣ـ ئیمامی ئەحمەد ٢٠٠
٢٤ـ حەزرەتی غەوس ٢٠٧
ـ باسی ئەولیا ٢١٨
٢٥ ـ ئیمام زەینولعابدین ٢٢٧
٢٦ـ عومەری کوڕی عبدولعەزیز ٢٣٧
٢٧ـ ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر ٢٤٧
٢٨ـ ڕابیعەی عەدەوی ٢٥٩
٢٩ـ فوزەیلی کوڕی عەیاز ٢٦٩
٣٠ـ داوودی تایی ٢٨٠
٣١ـ ئەبوو سولەیمانی دارایی ٢٩١
٣٢ـ ئیمام یەحیای ڕازی ٣٠٢
٣٣ـ یوسفی کوڕی حوسەین ٣١٣
٣٤ـ ئەبوو حەفسی حەداد ٣٢٣
٣٥ـ ئەبوو سەهلی توستەری ٣٣٣
٣٦ـ ئەبولحوسەینی نووری ٣٣٤

٣٧ـ ئەبوو عوسمانی حیری ٣٥٤
٣٨ـ محمد حەکیمی ترمزی ٣٦٥
٣٩ـ ئەبوو بەکری وەرڕاق ٣٧٥
٤٠ـ ئەبوو بەکری کەتانی ٣٨٦
٤١ـ ئەبوو ئیسحاقی گازرۆنی ٣٩٦
٤٢ـ ئیبراهیمی خەواس ٤٠٧
٤٣ـ ئەبولقاسمی نەسرابادی ٤١٧
٤٤ـ ئەبوو عەلی دەقاق ٤٢٧
٤٥ـ ئەبولحەسەنی شازلی ٤٣٧
٤٦ـ سەییید ئیبراهیمی دسوقی ٤٤٨
٤٧ـ سەییید ئەحمەدی بەدەوی ٤٥٧
٤٨ـ سەییید ئەحمەدی رفاعی ٤٦٦

سەرچاوەکانی ئەم کتێبە

قورئانی پیرۆز

حەدیسی پێغەمبەر

تذکرةالاولیاء ..... فریدالدین عطار

سفینةالاولیاء ..... محمد دارا شکوه

حلیة الاولیاء ..... احمد اصفهانی

نفحات الانس ..... مولانای جامی

کرامات الأولیاء ..... یوسف النبهانی

الرسالة القشیریة ..... عبدالکریم القشیری

الروض الفائق ..... الشیخ حریفیش

نور الأبصار ..... الشیخ مؤمن

طبقات الکبریٰ ..... عبدالوهاب الشعرانی

تأریخ بغداد ..... الخطیب البغدادی

کلیات ..... الشیخ سعدی شیرازی

اعانة الطالبین ..... السید ابوبکر

طبقات الصوفیة ..... الشیخ عبدالرحمن سلمی

الحدائق الوردیه ..... عبدالمجید بن محمد الخانی

حالة اهل الحقیقة مع الله ..... ابی شجاع الشافعی

الاعمال الكامله ..... الشيخ معروف النودهى
الفتاوى الحديسيه..... الشيخ ابن حجر
اسرار التوحيد فى مقامات الشيخ ابى سعيد ..... محمد ابن منور
ربيع الابرار ..... للعلامة الزخشرى
بوستان العارفين ..... الشيخ نووى
وفيات الاعيان ..... ابن خلكان
الفتوحات الاسلامية ..... السيد احمد ابن زينى دحلان

پێشەکی

﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ﴾

[اَلْحَمْدُلِلّٰهِ رَبِّ الْعالَمِينَ. وَالصَّلاٰةُ وَالسَّلاٰمُ عَلىٰ سَيِّدِ الأَنْبِياءِ وَ نُورِ الأَوْلِيَاءِ مُحَمَّدِ الْقائِل: بِقَوْلِهِ ـ مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيْراً يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ، وَعَلىٰ آلِهِ وَ أَصْحابِهِ وَ أَوْلِيائِهِ وَ التّابِعِينَ لَهُمْ بِأَحْسانٍ إِلىٰ يَوْمِ الدِّينِ].

خوێنەر و گوێگری بە ڕێز، دوا ئەوەی، کە ژیانی ئەو بیست و پێنج پێغەمبەرەم نووسی ـ کە خواوەندی گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بە ئاشکرا ناویان دەبا ـ بڕیارمدا، کە ژیان و کەشف و کەرامات و بە سەرهات و زوهد و تاعەت و فەرمایشتی چەند ئەولیای گەورە لە ئەولیای ئوممەتی پێغەمبەر بنووسم و بیکەمە کتێبێک و لە مەجلیس و کۆڕی دانیشتندا بۆ خەڵک بخوێندرێ و لە چەند دەقیقەو سەعاتی ژیانیاندا بە دڵێکی پڕ لە ئیمان و باوەڕەوە هەر ڕۆژە بچنە مەجلیسی یەکێک لەو پیاوە گەورانەو، مشت و مالّی عەقیدەو بیر و باوەڕیان بکەنەوە، لەوانەشە هێندێک لە زانایان و خوێنەرە بەڕێزەکان بڵێن: تازە باوی ئەو جۆرە قسەو باسە نەماوە، بەڵام بە لای منەوە لە بەر ئەو چەند هۆیەی خوارەوە، یادی ئەو جۆرە پیاوە بەرز و پیرۆزانە بە سوودە.

یەکەم لە بەر ئەو حەدیسە شەریفەی، کە حەزرەتی عومەر ـ ڕەزای خوای لێ بێ ـ لە پێغەمبەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، کە ڕۆژێک پێغەمبەر فەرمووی: [إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللهِ لَأُنَاساً مَا هُمْ بِأَنْبِيَاءٍ وَ لا شُهَدَاءٍ يَغْبِطُهُمُ الأَنبِيَاءُ وَ الشُّهَدَاءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِمَكَانِهِمْ مِنَ اللهِ عَزَّوَجَلَّ] واتە بە ڕاستی لە ناو عەبد و بەندەکانی خوادا، کۆمەڵێک هەن، نە پێغەمبەرن، نە شەهید، بەڵام لە ڕۆژی قیامەتا، زۆر لە پێغەمبەران غیبتەیان پێ دەبەن، بە هۆی ئەو پلەو پایەوە، کە خودا داویەتی بە وان، یەکێ عەرزی کرد:

قوربان ئەوانە کێن و کردەوەیان چیە تا بیان ناسین و خۆشمان بۆین؟ لە وەلأمدا فەرمووی: ئەوانە چەند کەسانێک دەبن لە ئوممەتی من، لە بەرخوا، خوا و یەکتریان خۆش دەوێ و ناوچاوانیان نووری لێ دەبارێ و لەو ڕۆژەدا کە خەڵک، زۆر لە عەزابی خوا دەترسن، ئەوان هیچ خەفەتیان نیەو، کاتێک عالەم مەحزون و غەمبارن، ئەوان بێ غەمئەبن، ئنجا ئەو ئایەتەی سوورەی یونسی خوێندەوە، کە خواوەندی گەورە فەرمویەتی: ﴿أَلاَ إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَ لاَ هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ ئاگادار بن، کە ئەولیای خوا لە ڕۆژی قیامەتا هیچ خەوفیان لە سەر نیەو، بۆ هیچ شتێکیش بە پەرۆش نین، جا بابزانین، کە ئەولیای خوا بە کێ ئەڵێن؟

لە ئایەتی دوای ئەو ئایەتەی پێشودا خوای گەورە ئیشارەیان بۆ دەکا و دەفەرمووێ: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَ كَانُوا يَتَّقُونَ﴾ ئەولیا ئەو کەسانەن پەرهێزگار بن و ئیمانیان بە خوا و پێغەمبەر و قیامەت هێنابێ و موخالەفەی ئەمر و فەرمانی خوا و پێغەمبەر نەکەن و بەر دەوام بن لە سەر خواپەرستی، خواوەندی گەورە لە مەدح و سەنای ئەواندا دەفەرموێ: ﴿لَهُمُ الْبُشرىٰ فِى الْحَيٰوةِ الدُّنْيَا وَ فِى الآخِرَةِ لاَ تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللهِ ذٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمِ﴾ موژدەی خۆشی بۆ ئەو کەسانە ژیانی دنیادا، کە بە هۆی پێغەمبەر و قورئانەوە، دراوە بەو جۆرە کەسانە و بە کشف و کەرامەت و بە هۆی مەلائیکە، کە لە کاتی سەرەمەرگدا جێگا و مەقامی خۆیان نیشان ئەدەن، کە دیارە خواوەندی گەورە ڕوتبەو مەقامێکی دا بە کەسێک، تازە لێی پەشیمان نابێتەوە.

جا هەر لە بەر ئەو ڕوتبەو مەقامەیە، کە پێغەمبەری خۆشەویستمان درووی خوای لە سەر بێ فەرمویەتی: [تَنَزَّلُ الْبَرَكَةُ عِنْدَ ذِكْرِ الصَّالِحِينَ] واتە بەرەکەت دەبارێ بە سەر دانیشتووانی ئەو مەجلیسەدا، کە یادی پیاو چاکانی تێدا دەکرێتەوە.

دووەم، لام وایە ئەگەر ئینسان بیری لێ بکاتەوەو بە راوردی بکا، بۆی دەردەکەوێ، کە هەر وەک چۆن ئەگر یەکێک جارێک قسەیەکی نالایقی پێ بڵێ تا

دەمرێ لە دڵی دەرناچێ و پێی ناخۆشە، ئاواش باسی ژیان و بە سەرهات و قسە خۆش و جوانەکانی ئەو پیاوە بەرز و پیرۆزانە، چەند قات تەئسیری باشیان لە نەفسی ئینساندا دەبێ.

هەرچەند ئێمەش نەگەیشتبینە ئەو پلەو پایە، کە لە ڕاز و نیازو فەرمایشتی ئەو زاتانە بگەین، بەڵام یاد کردنەوەیان فائیدەی هەر زۆرە هەر وەک ئەڵێن: جارێک لە شێخ عبدالرحمنی ئیسکافیان پرسی قوربان، کەسێک قورئان بخوێنێ وە هیچ مەعنای نەزانێ سوودی پێ دەگا؟ لە وەڵامدا فەرمووی: ئەوەی دەرمان دەخوا و نازانێ ئەو دەرمانە لە چی دروست کراوە ئیستیفادەی لێ دەکا! بەڵام ئەوەی قورئان بخوێنی و مەعنای نەزانێ ئیستفادەی لێ ناکا؟

هۆیەکی ترم بۆ باسی نووسینی ئەو چەند ئەولیایە، ئەو فەرمایشتەی شێخ یوسفی هەمەدانیە، کە جارێک عەرزیان کرد قوربان.

ئەگەر هات و زەمانێک داهات ئەولیا و پیاو چاک بە نادر دەست دەکەوتن، کە موسوڵمانان بە خزمەتیان بگەن چی بەکەین؟

لە وەڵامدا فەرمووی: خور بەوشت و ژیان و بەسەرهات و فەرمایشتەکانیان بنووسن و بیان خوێنن سوودیان لێ وەر دەگرن.

هەر وەها **هۆیەکی تری** دانانی ئەم کتێبە ئەوەیە، باسی ئەولیا و پیاو چاک بە هەموو زمانەکانی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست و زۆر بەی زمانەکانی تریش تا ئێستا نووسراوەو لە چاپ دراوە، بە لام کۆشکی ئەدەبی زمانی کوردی، بەشی کتێبخانەکەی لەفەرمایشتی وەک گەوهەرە و مراوری ئەو پیاوە گەورانە خاڵی یە، وێستم با بە ئامانەتیش بۆ ئەو کەلێنە پڕ بکەمەوە. تا نووسەرێکی دوڕناس، وەک مەلەوانی چاک خۆی داوێتە دەریای مەعانیەوە و بە پێ مەلە بە بەحری مەعریفەت و دەریای حەقیقەتا دەڕواتە خوارەوەو بە دانەی جەوهەری و داوی نووکی قەڵەمی و شیرینی زمانی کوردی، یەکە، یەکە، گوهەرەکانی ئەو

زانایانەمان لە گێژی قوولّی ویلایەتا بۆ دێنیتە سەر شریتی نووسین و تۆماریان دەکا و خەڵک ئەوکاتە بە ئارەزووی خۆیان سوودیان لێ وەر ئەگرن.

هۆیەکی تر ئەوەیە، زۆر کەس بە ناوی کۆلکە شیخەوە زۆر کردەوەی دوور لە دین و شەریعەتی ئیسلامی دەکەن و لە ڕێبازی تەریقەت و ئەولیا لا ئەدەن و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە، کە زۆربەی خەڵک و زۆر خوێندەوار و نیمچە خوێندەواریش باوەڕیان بە ئەولیا و پیاو چاک نەمێنی.

لە گەڵ ئەوەشدا، کە گەورەیی و کەرامەتی ئەولیای ڕاستەقینە، بە ئایەتی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر و یەک دەنگی ئەهلی سوونەت و جەماعەت حەقە و ناشکرایە.

بۆ وێنە خواوەندی گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە سوورەی ئالی عیمران دا فەرموویەتی: ﴿كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِنْدَهَا رِزْقًا قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ اللَّهِ﴾ زۆر لە عەولەمای تەفسیر فەرموویانە: کاتێک حەزرەتی مەریەمە حامیلە بوو بە حەزرەتی عیسا، حەزرەتی زەکەریا پێغەمبەر (عَلىٰ نَبِيِّنَا وَ عَلَيْهِ السَّلامُ) ژوورێکی تایبەتی لە «بیت المقدس» دایە و دەرگای لە سەر دادەخست، حەزرەتی مەریەمە بۆ کاری تایبەتی خۆی نەبووایە نە دەهاتە دەر، وە حەزرەتی زەکەریاش نەبووایە کەس حەقی نەبوو لەو ماوەیەدا بچی بۆ لای. بەڵام هەرکاتێ حەزرەتی زەکەریا دەچوو بۆلای تەماشای دە کرد میوەی هاوینی لە کاتی زستاندا لایەو هی زستانیش لە هاویندا لایە، چونکە ئافرەتی حامیلە زۆر جار وایە ئارەزوو بێزوی شتی وا دەکا، کە لە کاتی خۆییدا دەس ناکەوێ: حەزرەتی زەکەریا زۆری لە لاسەیر بوو، پرسیاری لێ کرد و فەرمووی: ئەی مەریەمە ئەوەت لە کوێ بووە؟ لە وەڵامدا حەزرەتی مەریەمە فەرمووی: لای خواوە بۆم دێ. دەی کەرامەت بوو بۆ حەزرەتی مەریەم و موعجیزە بوو بۆ حەزرەتی زەکەریا.

لەوەش عەجایبتر و گەورەتر، کە بەڵگە و دەلیل بێ لە سەرکەشف و کەرامەت، مەسئەلەی هێنانی تەختی بەڵقیسە بۆلای حەزرەتی سولەیمان، هەر وەک خواوەندی گەورە لە سوورەی نەمل‌دا ـ بۆمان بەیان دەکا و دەفەرموێ:

﴿قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ﴾

وەختێ حەزرەتی سولەیمان هەواڵی هاتنی بەڵقیسی پاشای شاری سەبای زانی، فەرمووی: ئەی کۆمەڵی دانیشتوان، کێ دەتوانێ تەختی بەڵقیسم بۆ بێنێ؟ لە پێش ئەوەی دابگاتە لای من و موسوڵمان ببێ؟ عیفریتێک لە ئەجینە کان ووتی: من دەچم بۆت دێنم لە پێش ئەوەداکە لە جێگای خۆت هەستی، زۆریش بە تاقەتم و خەیانەتیشی لێ ناکەم، بە لاّم یەکێ‌تر لە وانەی خواوەندی گەورە زانای کرد بوو، گوتی: من لە پێش ئەوەی‌داتەماشای شتێک بکەیت و چاو لە سەرێک بنیێتەوە بۆت دێنم، حەزرەتی سولەیمان کە چاوی هەڵێنا تەختی بەڵقیسی لا دانرا بوو، فەرمووی: ئەوە لە گەورەیی خواوەیە، بۆ تاقی کردنەوەی منە، داخۆ شوکرانەی نیعمەتی خوا دەکەم یان نا، کاتێ ئەو زانایە وای گوت: حەزرەتی سولەیمان بە مەحاڵی نەزانی و ئینکاری نە کرد خۆ دیارە ئەگەر ئەو زانایە ئاسەفی وەزیر بوو بێ پێغەمبەر نەبووە تا بڵێین موعجیزەی نواندووە.

ئەوە کەرامەتی ئوممەتەکانی پێغەمبەرانی پێش پێغەمبەری خۆمان بوون، ئەی باشە [يَا سَارِيَةُ الْجَبَلَ الْجَبَلَ]ی حەزرەتی عومەر ڕەزای خوای لە سەر بێ، کەشف و کەرامەت نەبوو؟ لەو کاتەدا، کە لشکری ئیسلام بەسەر کردەیی ساریە لە نەهاوندی لای شاری هەمەدان شەڕیان دەکرد، ئاگایان لە خۆیان نەبوو کافرەکان لە پشت کێوەکەوە خەریک بوون پشتیان بگرن، حەزرەتی عومەر لە خوتبەی جومعەدا لە شاری مەدینە فەرموی: ئەی ساریە ئاگاتان لە خۆتان بێ خەریکن پشتی کێوەکەتان لێ بگرن، بە ئەمری خوا ساریە گوێ لە دەنگی حەزرەتی عومەر بوو، ناردی کێوەکەیان گرت، نموونە یەکی‌تر لە کەرامتی ئەولیای ئوممەتی

پێغەمبەر، وەسیەتەکەی حەزرەتی ئەبوبەکری سدیقە، کە جابیری کوڕی عبدالله بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کاتێ حەزرەتی ئەبوبەکر نەخۆش کەوت، وەسیەتی کردو فەمووی: ئەگەر مردم تەرمەکەم بەرنە بەر قاپی حوجرەکەی پێغەمبەر و لە قاپی بدەن و بڵێن: ئەوە تەرمی ئەبوبەکری هاوڕێی پێغەمبەرە، لە دنیادا زۆری حەز بە خزمەت پێغەمبەر دەکرد، وەسیەتی کردووە لە خزمەت پێغەمبەردا بمنێژن، فەرمووی: جا ئەگەر قاپی حوجرەکەی حەزرەت لە خۆیەوە کرایەوە ئەوە لەوێ تەسلیم بە خاکم بکەن، ئەگەر نەشکرایەوە لە گۆڕستانی «بەقیع» بمنێژن، جابیر دەفەرموێ: کە وەفاتی فەرموو: بردمان بۆ بەرقاپی پێغەمبەرو چی فەرموو بوو ووتمان: بە ئەمری خوا لە غەیبەوە قاپی حوجرەکەی حەزرەت کرایەوەو لە وێمان تەسلیم بە خاک کرد.

هەروەهاش کۆمەڵی زانایان فەرموویانە: کەرامەتی ئەولیا حەقەو تا ئیستا زۆر لە ئەولیا کەرامەتیان نوواندووە. شێخ شەهابەدینی سووهرەوەردی رەزای خوای لێ بێ فەرموویەتی: کەرامەتی ئەولیا دەبێتە موعجیزەی پیغەمبەری خۆشەویستمان.

خواجە معین الدین فەرمویەتی: چوونە لای پیاوی چاک و یاد کردنەوەیان لە زۆرکاری باش باشترەو هاتوو چۆ کردنی پیاوی خراپیش لە زۆر کاری خراپ خراپترە. جا برای گوێ گری موسوڵمان ئەگەر بە عەقیدە و بیر و باوڕەوە ئەم کتێبە بیخوێنی یان بۆت بخوێننەوە، وەکو ئەوە وایە، کە بە خزمەت ئەولیانە گەیشتبی و گوێت لە فەرمایشتەکانیان بووبێ. هەر وەک چۆن ئێمە بە خزمەت پێغەمبەرو ئەسحاب و سەر مەزهەبەکان نەگەیشتوین و خۆشمان دەوێن و بە قسەمان کردون.

ئنجا بە ئومێدی خواوەندی گەورە لە مەجلیسە کانی داهاتودا، هەر ڕۆژە دەچینە خزمەت یەکێک لەو ئەولیا و گوێ دەگرین بۆ باسی ژیان و بە سەرهات و

فەرمایشتەکانیان، بەڵکو خوای گەورە لە خۆشەویستی ئەوانەوە بە گەورەیی خۆی عەفوومان بکا. خوایە بۆ خاتری گەورەیی خۆت و پیاو چاکان عەفوومان کەی، خوایە لە بەڵاو موسیبەت بمان پارێزی. خوایە لە ڕەفیقی خراپ بە دوورمان کەی.

وَٱلسَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ

(١)
ئیمام جەعفەری سادق

﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ﴾

[اَلْحَمْدُلِلّٰهِ عَلىٰ نِعْمَائِهِ. وَالصَّلاٰةُ وَ السَّلامُ عَلىٰ سَيِّدِنا مُحَمَّدٍ حَبيبِ الله وَ خاتَمِ النَّبِيِّينَ. وَعَلىٰ آلِهِ وَ اَصْحابِهِ وَ مَنْ تَبِعَهُمْ مِنَ الأَوْلِياءِ وَ الْعُلَماءِ وَ اَلصّالِحِينَ وَ كافَةِ الْمُسْلِمِينَ مِنَ اليَوْمِ اِلىٰ يَوْمِ الدِّينْ].

موسوڵمانینە: لام وایە تائیستا لە زۆر کۆڕوو کۆمەڵ ومە جلیسدا دانیشتوین وگوێمان بۆ زۆر قسەوباسی پڕ و پوچ ڕاگراتووەو، زۆربەی کات و عومری خۆمان بە فیڕۆداوە.

با لە کۆڕو مەجلیس و دانیشتنی ئیستاماندا، بچینە مەجلیسی سوڵتانی ئۆممەتی «محمد المصطفی» گەورەو ڕابەرو دەلیلی ئەولیا، مامۆستای مامۆستایان و عولەماو سولەحا، بەرو سەمەرو میوەی دڵی مەشایخان و جگەر گۆشەی فاتیمەی زەهرا، دەست مایەی ئیمام محمد باقر و حەزرەتی حەسەن و حوسێن و عەلی مورتەزا. پیشەوای عارفانی عاشق، «حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادق».

جا تکایە زۆر بە ئەدەب دانیشن و بە گوێی دڵ گوێ بگرن بۆ باسی ژیان و خوو ڕەوشت و عیلم و زانیاری و وەرع و تاعەت و تەقوا و عیبادت و فەرمایشتی جوان و کەڕاماتی ئەو زاتە بەرز و پیرۆزە و پەند و ئاموژگاری لێ وەرگرین.

«ئیمام جەعفەری سادق» کوڕی ئیمام محمد باقری کوڕی ئیمام عەلی زینو لعابدینی کوڕی ئیمام حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلییە. لە ساڵی هەشتای کۆچیدا

لە شاری مەدینەی مونەوەرە لە دایک بووە.

دایکیشی ئوممو فەروەی کچی قاسمی کوڕی محمدی کوڕی حەزرەتی ئەبوبەکری سدیقە.

«ئیمام جەعفەری سادق» خەرقەی ئیمامەت و ئیجازەی عیلم و ڕوخسەتی ئیرشادی لە ئیمام محمد باقری باوکی و زانای بە ناو بانگ باوکی دایکی قاسمی کوڕی محمدی کوڕی حەزرەتی ئەبوبەکر وەرگرتوو.

ئەو زاتە بەرزو پیرۆزە، زۆر دانا و زانا و عالم بووە، زۆر بە سام و هەیبەت بووە، زۆر ڕو خۆش و دەم بە پێکەنین بووە، بە تەواوی مەعنای کەلیمە زاهید و واریع و لە خوا ترس بووە، ڕیاسەت و گەورەیی پێ خۆش نەبووە، پێشەوای مەشایخان بووە، پێشڕەوی ئەهلی زەرق بووە، سەر دەفتەری کۆمەڵی عاشقانی ڕەببانی بووە، دۆعای زۆر جار زۆر زووگیرا بووە، تەکەبوری نەبوە و خۆی زۆر بە کەم گرتووە. بۆ وێنەی خۆ بە کەم گرتنی، دەڵێن: ڕۆژێک شێخ داوودی تائی دەچێتە خزمەتی و سەلام دەکا و بە ئەدەب دادەنیشێ عەرزی دەکا قوربان هاتوومە خزمەتت دەبێ ئامۆژگاریەکەم بکەی، دڵم زۆر ناڕەحەتە و زۆر غەمبارم، «ئیمام جەعفەر» دەفەرموێ: ئەی داوودی تائی، لە خوا بە زیاد بێ، تۆ ئیستا زاهید و عابیدی ئەم زەمانەی، کەی تۆ موحتاجی ئامۆژگاری منی، شێخ داوود دەست دەکا بە گریان و دەڵێ: ئاخر قوربان جەنابت سەبید و ئەولادی پێغەمبەری، لە سەرت لازمە ئامۆژگاریمان بکەی، «ئیمام جەعفەری سادق» دەفەرموێ: ئەی داوودی تائی ئاخر لەوە دەترسم، کە لە ڕۆژی قیامەتا، با پیرم بانگم کاو لێم تورە بێ و بفەرموێ: ئەی «جەعفەر» تۆ بۆچی بە تەواوی پەیڕوێت لە من نەکرد؟ دووبارە فەرموی: ئەی داوودی تائی خۆ پیاو چاکی بە حەسەب و نەسەب نیە! بە تەقوا و تاعەتە. شێخ داوود ئەوندەی تریش مەحزون بوو، گریا و ووتی: ئەی خاک بە سەرمان، وە ئەی خوای گەورە خۆ ئەوەی قوڕی بەدەنی لە نووری

نبووەتەو تەرکیبی ئەندامی لە ئەهلی بورهان و حوجەتەو، با پیرە گەورەی رەسول اللەیەو بابی شێری خوایەو، لە نەوەی حەزرەتی فاتیمەی زەهرایە، ئاوابترسێ! قوڕبەسەر یەکێ وەک داوودی تائی ئەبێ چ ئومێدێکی بە کردەوەی خۆی بێ؟

هەروەها ئەڵێن: جارێک لە گەڵ موورید و بە ردەستە کانیدا دانیشتبوو ڕووی موبارەکی کردە خەڵکە کەو فەرمووی: خەڵکینە وەرن با پەیمان ببەستین، کە هەر کام لەئێمە لە ڕۆژی قیامەتا زووتر ڕزگاری بوو، شەفاعەت بۆ ئەوانیتر بکا، خەڵکە کە عەرزیان کرد، ئەی ئەولادی پێغەمبەر، تۆ کەی موحتاجی شەفاعەتی خەڵکی، با پیری تۆ شەفاعەت بۆ هەموو کەس دەکا، لە وەڵامدا فەرمووی: ئاخر ئێوە نازانن، من شەرم دەکەم بەو کردەوانەوە، کە کردومن، لە ڕۆژی قیامەتا، بچمە خزمەت با پیرم تا شەفاعەتم بۆ بکا.

«ئیمام جەعفەری سادق» ڕەزاری خوای لێ بێ، بەو هەموو فەزل وگەورەیی و حەسەب و نەسەبەوە، ئاوا خۆی بە کەم دەگرت و موتەوازیع بوو، بە لاّم زۆربەی ئێمە، بە کۆڵێ گوناحەوە، خۆمان بەزل دەگرین و فەخر بە سەر خەڵک و ئەرزدا ئەکەین، بیر لە کردەوەی خۆمان و دووا ڕۆژی خۆمان ناکەینەوە.

«ئیمام جەعفەری سادق» هەر لەوکاتەشدا زۆر لە موسوڵمانان بە گلەیی بووەو ماوەیەک دووری لە خەڵک کردووە. سەفیانی سەوری دەچێتە خزمەتی و عەرزی دەکا، ئەی گەورەو ئەولادی پێغەمبەر، خەڵک زۆر ئارەزوی دیداری تۆن، بۆ خۆت لە خەڵک شاردۆتەوە؟

لە وەڵامدا دەفەرموێ:

ذَهَبَ الوَفاءُ ذِهابَ أَمْسِ الذّاهِبِ وَالنّاسُ بَيْنَ مَخائِلٍ وَ مَآرِبُ

يَفْشُونَ بَيْنَهُمُ المَوَدَّةَ وَ الوَفا وَقُلُوبُهُمْ مَحْشُوةٌ بِعَقارِبُ

ئەی سەفیانی سەوری، چۆن بێمە ناوتەو خەڵکەو دڵم پێ خۆش بن؟ وەفا، لە ناویاندا نەماوەو وەک ڕۆژی دوێنێ باری کردووە، خەڵک بە خەیاڵ و ئارەزووی

نەفسەوە دەژین. ڕاستە بە ڕواڵەت قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن وە یەکتر دەدوێنن، بەڵام دڵیان پڕە لە بوغز و کینە و حەسادەت و، ئەگەر دەستیان بڕوا وەک دووپشک بە یەکتردەوە ئەدەن:

جا بە ڕاستی، ئەگەر بە وردی سەرنجی زۆربەی خەڵکی ئێستا بدەین، ئەو فەرمایشتەی «ئیمام جەعفەریان» بە سەردا دەشکێتەوە و هەر وەک لە گەڵماندا ژیابێ وایە. قسەمان خۆشەو لە دڵەوەنیە، زۆر بێوەفا و وەعدەین، حەسادەتمان هەیە.

قسەو فەرمایشاتی «ئیمام جەعفەر» هەمووی وەک درۆو یاقووت وا بوون و قووتی ڕوح بوون.

ئیمامی حەنەفی جارێک دەچێتە خزمەتی و لە بەینی گفتوگۆدا «ئیمام جەعفەر» دەفەرموێ: ئاقڵ کێیە؟ ئیمامی حەنەفی دەڵێ بەڵای منەوە ئاقڵ ئەو کەسەیە فەرقی چاک و خراپ بکا. «ئیمام جەعفەر» دەفەرموێ: جا خۆ حەیوانەتیش فەرقی چاک و خراپ دەکەن، ئابینی ئەوەی ئەیان لاوێنێ، بەدەمیەوە دەچن و، ئەوەی لێشان تورە بێ و لێیان بدا، لە بەری ڕائەکەن. ئیمامی حەنەفی فەرمووی: دەی باشە قوربان ئاقڵ کێیە؟ فەرمووی: ئاقڵ ئەوکەسەیە فەرق و جیاوازی لە بەینی دووکاری خێر و دووکاری شەڕدا بکا، تا لە دوو کارە خێرەکە، کە هەر دووکیانیی بۆ نەکرا، ئەوەیان بکا، کە خێری زۆرترە، و لە دوو کارە شەڕەکەش، کە ناچار بوو یەکیان هەربکا، ئەوەیان بکا، کە زەرەری کەمترە، ئیمامی حەنەفی فەرمووی: زۆر جوانە..

«ئیمام جەعفەری سادق» لە خواوەندی گەورە نەبێ لە عەبد نەترساوە بۆ قسەی حەق شەرمی لەکەس نەکردووە، بۆ نموونە میسالێکتان بۆ بێنمەوە: ئەڵێن: ئەبوو جەعفەری مەنسوور، کە لەو سەردەمەدا خەلیفەی بەغدا، دەبێ، دەچێ بۆ حەج، لە پێشدا دەچێتە مەدینە، لەو کاتەدا «ئیمام جەعفەر» لە مەدینە دەبێ،

خەلیفە، کە دەزانێ موسوڵمانان بە گشتی و خەڵکی مەدینە بە تایبەتی ئەوەندەی ڕێز لێ دەگرن و خۆشیان دەوێ، حەسادتی پێ دەباو ڕقی لێ دادە گرێ، وەزیرەکەی، کە ناوی ڕەبیع دەبێ بانگی دەکا و ئەڵێ: ئەی وەزیر دەبێ هەر ئێستا بچی «جەعفەر»م بۆ بێنی، ڕووشی کردە دەست و پێوندو ووتی: هەر کە چاوتان لێم بوو، کە کلاوەکەم لە سەر سەرم هەڵگرت فەوری بیکوژن. وەزیر زۆری پێ ناخۆش‌بوو، ئەو ڕۆژە لە بیری خۆی بردەوە، ڕۆژی دوایی خەلیفە لە وەزیر تورە بوو، ووتی: ئەبێ ئیستا بچی بۆم بێنی، وەزیر بە ناچاری چووە خزمەت «ئیمام جەعفەر»و کارەساتی بۆ گێڕایەوە. «ئیمام جەعفەر» فەرمووی: مەترسە هەستە با بچین بۆ لای خەلیفەکەت. کاتێ گەیشتەلای خەلیفە، خەلیفە زۆر بە حورمەتەوە لە لای ژووروی خۆیەوە دای‌ناو خۆی لە لای خوارەوە بە ئەدەب دانیشت. خەڵکە کە واقی ورماو زۆریان لاسەیر بوو، لە پاش هێندێکقسە و گفتووگۆ: خەلیفە عەرزی دەکا: قوربان هەر فرەمانێک هەیە ئامادەم بۆ خزمەتت، ئەویش دەفەرمووێ: خواهشتم ئەوەیە جارێکی‌تر بانگم نەکەی ئنجا خوا حافیزی دەکا و دەچێتەوە بۆ ماڵەوە.

لە پاشان لە خەلیفە ئەپرسن: قوربان تۆ زۆر بە تورەییەوە بە دواتا نارد، ئەی ئەوە چ حاڵەتێک بوو؟ خەلیفە گوتی: خەڵکینە قەسەم بە خوا هەر کە هاتە ژوورەوە لە پێش چاوم ماریکی لە گەڵ بوو، لێوێکی لەم لای ژوورەکەم و ئەوی‌تری لەو لا قایم کرد، بە زمانی حاڵ ووتی: ئەگەر لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێیت بە خۆت و خانوەکەتەوە سەرەو بنت ئەکەم.

ووتی: منیش لە ترسان نەمتوانی هیچی پێ بڵێم و خوا خوام بوو زوو هەستێ بڕوا.

یەکێ لە زانایان دەڵێ: هەرلە ئەسەری ئەوەوە بوو، کاتێک خەلیفە لە مەدینە، بەڕێ کەوت و هاتە «بیری عەلی» ئیحرامی بەست و بەرەو مەککە کەوتنە ڕێ،

تەماشای کرد لە دیواریّک نووسراوە:

أَبَا جَعْفَرٍ خانَتْ وَ فاتُکَ وَ انْقَضَتْ سِـنُّکَ وَ أَمْـرُ اللهِ لابُـدَّ واقِـعُ
أَبـا جَـعْفَرٍ هَـلْ کـاهِنٌ أَوْ مُـنَجِّمٌ لَکَ الیَوْمَ مِنْ رَیبِ المَـنِیَّةِ دافِـعُ

کەئەو دو شیعرەی خوێندەوە زۆر ترسا، زانی، کە دۆعای «ئیمام جەعفەری سادقی» لێ گیرا بووە نە خۆش کەوت و پێش ئەوەی بگاتە مەککە و حەجەکەی تەواوکا، لە عومری شەست و سێ ساڵیدا، عومری دریژی‌دا بە حازریان و، تیری غەیبی کاری خۆی کرد.

سەفیانی سەوری زۆر دەچوە خزمەتی، جارێک عەرزی دەکا دەڵێ: دەبێ ئامۆژگاری یەکەم بکەی. «ئیمام جەعفەر» فەرموێ: ئەی سەفیان هەر کاتێ خواوەندی گەورە نیعمەتێکی دابە تۆو زۆرت پێ خۆش بوو لێت نە ستێنیتەوە، تا دەتوانی حەمد و سەنای خوا و ئەو نیعمەتەی بکە، چونکە خواوەندی گەورە لە سورەی ئیبراهیمدا فەرمویەتی:

﴿لَئِنْ شَکَرْتُمْ لَأَزِیدَنَّکُمْ﴾ ئەگەر شوکرانەی نیعمەتی خوا بکەن، خوا بۆتان زیاد دەکا، ئنجا فەرمووی: ئەی سەفیان، هەرکاتێ خوا رزقی لێ گرتیەوە، زۆر [أَسْتَغْفِرُاللهَ] بکە، چونکە خوای گەورە لە سوورەی نوحدا ئایەتی دەدا فەرمویەتی: ﴿اِسْتَغْفِرُوا رَبَّکُمْ اِنَّهُ کَانَ غَفَّاراً یُرْسِلِ السَّمآءَ عَلَیْکُمْ مِدْرَاراً، وَّ یُمْدِدْکُمْ بِأَمْوَالٍ وَّبَنِیْنَ وَ یَجْعَلْ لَّکُمْ جَنَّاتٍ وَّ یَجْعَلْ لَّکُمْ أَنهاراً﴾

موسوڵمانینە: زۆر داوای لێ خۆش بوون بکەن لە بارەگای خوای خۆتاندا، چونکە خوا، لە عەبد و بەندەگانی خۆش دەبێ، کە داوای لێ خۆش بوونی لێ بکەن، بارانی بە ڕەحمەتیان لە ئاسمان بۆ دەبارێنێ، مالّی دنیایان بۆ زۆر دەکا ئەولادیان زۆر و ساڵحیان دەکا، ئاوی کاریزو سەرچاوانیان بۆ زیاد دەکا ڕەزو باغاتیان، بەری زۆر دەبێ، دەغڵ و دانیان باش دەبڕێ.

دووبارە فەرمووی: ئەگەر لە لایەن حکومەت و ئامیر و گەورەوە، یان هەر

کەسێکی تر‌ەوە تەکلیفی کارێک، یا، شتێ کیان لێ کردی وپێت ناخۆش بوو، زۆر بڵێ: [لاَ حَوْلَ وَ لاَ قُوَّةَ اِلاَّ بِاللهِ] چونکە ئەو جومڵەیە کلیلی بەهەشتەو خەزنێکە، لە خەزنەکانی بەهشت.

ڕۆژێک «ئیمام جەعفەر» بانگی ئیمام مووسای کازمی کوڕی دەکا و دەفەرموێ: کوڕم وەسیەتێکت بۆ دەکەم تا ماوی وەک ئاڵقەیەک بیکەرە گوێت و فەرامۆشی مەکە، ئەگەر ڕەفتاری پێ بکەیت و لێی لا نەدەی لە دنیادا بە خۆش بەختی ئەژیت وکە مردیشی خەڵێن و ئاخر خێر دەبی، فەرموی: ئەی کوڕی من هەر کەسێک بە بەشە ڕزقی خۆی ڕازی بێ، خواوندی گەورە دوڵەمەندی ئەکا، بە لاّم ئەوەی چاوڵە دەستی خەڵک بێ هەر بە فەقیری دەمرێ، با ماڵی دنیاشی زۆربێ. فەرموی: ئەوەی ڕازیش نەبێ ئەوە مەعنای وایە ئیعتیراز لە کاری خوا ئەگرێ. فەرموی: ئەی کوڕم تکات لێ ئەکەم قەت عەیب و عاری خەڵک بەیان مەکە، چونکە هەر کەسێک عەیبی خەڵک ئاشکرا بکا، ئەوە خوای گەورە عەیبی ماڵ و عائیلەی ئەو ئاشکرا دەکا، فەرموی: خوادەزانێ، هەرکەسێک داوێک بۆ یەکێک بنێتەوە، چاڵێک بۆ خەڵک هەڵکەنێ، خۆی بە داوەوە نەبێ و دەکەوێتە چاڵەوە و قەت ڕزگاری نابێ، فەرموی: لە گەڵ ئینسانی دوور لە دین تێکەڵ مەبە، چونکە هاوڕێی بێ دین پیاو بێ قیمەت دەکا، بەلاّم ڕەفاقەتی ئینسانی دانا و زانا و بە دین سوودی زۆرە، فێری ئەدەب و حورمەت و ویقار دەبی، فەرموی: دووبارە وەسیەت بێ، ڕوو مەکە ئەو جێگایانە کە شوێنی بەدناوین، تا لە ناو خەڵکا بەد ناو نەبی، فەرموی: دەخیل سەد دەخیل حەق بڵێی با زەرەری خۆشتی تێدابێ، فەرموی: قەت خۆت بە شتێکەوە خەریک مەکە، کە عەلاقەی بە تۆوە نیەو بێ کەڵکە، فەرموی: تا دەتوانی قوڕتان بخوێنە و سەلاّم لە خەڵک بکەو ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە بکە، فەرموی: دەخیلە تا درەنگ نەبووە تۆبە بکە، چونکە خواوەندی گەورە لە سوورەی تەحریم دافەرموویەتی

﴿اَلتَّائِبُونَ الْعَابِدُونَ﴾ لەو کەسانە خۆش دەبم و لەو کەسانە رازیم کە تۆبە ئەکەن، ئنجا عیبادەت دەکەن، خوای گەورە تۆبەی لە پێش عیبادەت خستووە، فەرمووی: بە تایبەتی ئامۆژگاری بێ بۆ تۆ و خەڵکی تریش: خۆتان لە پێنج نەوعە کەس بپارێزن. یەکەم، لە ئینسانی درۆزن، دووەم، لە ئینسانی ئەحمەق، سێیەم، لە ئینسانی بەخیل و رژد، چوارەم، لە ئیسنانی دڵ پیس، پێنجەم لە ئینسانی دوورووو و فاسق، فەرمووی: ئەی کورێ خۆشەویستم کاتێک ویستت زیارەتی کەسێک بکەی، بچۆ لای کەسێک کە پیاوی چاک بێ، چونکە ئینسانی خراپ وەک بەردی ڕەق وایە، ئاوی لێ پەیدانابێ، وەک ئەرزێک وایە، کە قەت گیاسەوز ناکا، وەک داری بێبەرگ و سێبەرە، فەرمووی: هیچ تۆشەو زەخیرەیەک بۆ دنیا و قیامەتی ئینسان لە پەرهێزگاری باشتر نیەو هیچ شتێک لە بێ دەنگی جوانتر نیەو هیچ دوژمنێک لە جەهلو نەزانین دوژمنتر نیە و هیچ دەردێک لە درۆ خرابتر نیە، دەخیلە ناگاتان لە خۆتان بێ..

لە کتێبی «فُصُولُ الْمُهِمِه» دا، لە «ئیمام جەعفەر» نەقڵ دەکا: کە فەرموویەتی: من لە باوکم و باوکم لە با پیرم و ئەو لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتی کردووە، کە فەرموویەتی: هەرکەسێک دڵی خەڵک خۆش بکا و لە تەنگ و چەڵەمە رزگاریان بکا، خواوەندی گەورە مەلائیکە یەک دەکاتە مەئموورى، کە کاتێ ئەو پیاوە وەفاتی کرد و بردیانە سەر قەبران و مەلا بۆ تەلقینی دانیشت، دەچێتە لای و دەڵی: ئەی ڕۆحیانەتی فلان کەس، مەترسە لە عەزابی قەبر و وەلامی پرسیاری مەلائیکە، من یارمەتیت ئەدەم و جێگای خۆت لە بەهەشت نیشان ئەدەم.

یەکێ لە زانایان، بە ناوی ئیبنی ئەبی لەیلا وە باسی زانایی «ئیمام جەعفەر»مان بۆ دەکا و دەڵێ: یەکەم جار کە ئیمامی حەنەفی چوو بۆ خزمەت «ئیمام جەعفەری سادق»، منی لە گەڵ بووم، دوای سەلام و بە خێر هاتن، ڕووی کردە من و فەرموی: ئەو زاتە کێیە؟ عەرزم کرد قوربان ئەو زاتەپیاوێکی زۆر دانا و زانایە لە

عێراق، فەرمووی: ئەوە نەبێ، کە عەمەل بە قیاس دەکا؟ ئنجا ڕووی کردە ئیمامی حەنەفی و فەرمووی: ناوت چیە؟ عەرزی کرد ناوم نعمانە فەرمووی: یا نەعمان دەزانی خواوەندی گەورە بۆچی ئاوی چاوانی سویر کردووەو ئاوی گوێیانی تاڵ کردووە و ئاوی کونە لووتانی گەرم کردووەو ئاوی ناو دەم و لێوی شیرین کردووە؟ عەرزی کرد: قوربان نازانم.

فەرمووی: خواوەندی گەورە بە کەرەمی خۆی ئاوی ناو چاوی ئادمیزادی سوێرکردووە، چونکە چاوی لە بەزووپیو دروست کراوە، ئەگەر بە هۆی ئەو ئاوە سوێرەوە ئەبوایە، زوو دەتوایەوە، ئاوی گۆیشی تاڵ کرددوە، تا دەعبا نەتوانن لە گۆێوە بچنەناو دەماغی سەری ئینسانەوە، ئاوی کونە لووتی گەرم کردووە، تا کونە لووت هەوا وەرگرێ، ئەگەر ئاوی کونە لووت گەرم نەبوایە، دەماغی ئینسان بۆگەنی دەکرد.

هەروەها فەرموووی: بۆیە ئاوی ناو دەم و لێویش شیرینە، تا بتوانی زوزبەی تەعام و خوراردەمەنی بجوی و بە زمانی شیرین گفتووگۆ لە گەڵ خەڵک بکەی..

ئەوەی تا ئیرە بۆم باسکردن هێندێک بوو لە باسی ژیان و بە سەرهات و فەرمایشتی «ئیمام جەعفەری سادق»، ئومێد دەکەم پەند و دەرس و ئاموژگاریتان لێ وەرگرتبێ ولێی وەرگرن. ئەوزاتە بەرز و پیرۆزە، لە عومری شەست و هەشت ساڵیدا، لە ڕۆژی دوشەنبەی پازدەی مانگی ڕەجەب، یا شەووالدا لە ساڵی سەت و چل و هەشتی کۆچیدا لە مەدینەی مونەووەرە، وەفاتی فەرموە، مەرقەدی موبارەکی لە گۆڕستانی بەقیعە.

لە خواوەندی گەورە دەپارێمەوە کە بۆ خاتری گەورەیی خۆی و خۆشەویستی ئال و بەیتی پێغەمبەر لێمان خۆش بێ. خوایە عەفوومان بکەی، خوایە شیفای نەخوشانمان بدەی، خوایە لە گەڵ پیاو چاکانی ئۆممەتی پێغەمبەر

حەشرمان بکەی، خوایە لە رەفیقی خەراپ و بەلاّ و موسیبەتی دنیا و قیامەت بمان پارێزی. ئامین

وَ ٱلسَّلاٰمُ عَلَيْكُمْ و رَحْمَةُ ٱللهِ وَ بَرَكاٰتُهُ

(٢)
وەیسی قەرەنی

﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحمٰنِ الرَّحِیمِ﴾

[اَلْحَمْدُللهِ اَلعَلِیِّ اَلْغنِیِّ. وَالصَّلاٰةُ وَالسَّلاٰمُ عَلیٰ خَیْرِ خَلْقِهِ سَیِّدِنا مُحَمَّدِ اَلْمَکِّی اَلْمَدَنِیِّ. وَ عَلیٰ آلِهِ وَ أَصْحابِهِ وَ أَتْباعِهِ وَ أَوْلِیائِهِ خُصُوصاً مِنْهُمْ عَلیٰ حَضْرَةِ أَوَیْسِ اَلْقَرَنِیِّ.]

گۆی گر ودانیشتوانی خۆشەویست، با چەند دەقیقەیەک لەم کاتەدا و لەم دانیشتنەماندا ڕوح و دڵ و دەروونی خۆمان ئازاد بکەین و بە ئەدەب و بێدەنگ دانیشین و گوێ بگرین بۆ باسی هێندێک لە ژیان و فەرمایشتی یەکێک لە ئەولیای خواوەندی گەورە و پەند و عیبرەت و ئاموژگاری زۆر بە نرخی لێ وەرگرین.

جا بزانن کە گڵوپ و چرای کۆڕو و مەجلیسی ئیمڕومان یەکیکە لەو زاتە بەرز و پیرۆزانە، کە پێغەمبەری ئیسلام، «خَیْرُ الأَنام»، حەزرەتی «مُحَمَّدُ الْمصطفی» (درووەدی خوای لە سەربێ) دەربارەی ئەوان لە فەرمایشتێک دا فەرموویەتی:

[اِنَّ مِنْ عِبادِ اَللهِ لَأُناساً ما هُمْ بِأَنْبِیاءٍ وَ لاٰ شُهَداءٍ یَغْبِطُهُ اَلأَنْبِیاءُ وَ الشُّهَداءُ یَوْمَ اَلْقِیامَةِ بِمَکانِهِمْ مِنَ اَللهِ]

هەروەکو حەزرەتی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (سەلات و سەلامی خوای لە سەربێ) فەرمووی: بە ڕاستی هێندێکلە عەبد و بەندەگانی خوای گەورە، هەڵدەکەون، کە نە پێغەمبەرن وە نە شەهیدن، بەڵام پێغەمبەران و شەهیدان لە ڕۆژی قیامەتدا غیبتەیان پێ دەبەن، چونکە لای خواوەندی گەورە، ئەوەندە مەرتەبەیان بەرزەو خۆشەویستن. یەکێک لە

ئەسحاب عەرزی دەکا، قوربان ئەو عەبدانە کێین و ئیش و کاریان چیە؟ بفەرموو با، بیان ناسین و خۆشمان بۆین؟ حەزرەت فەرمووی: ئەوانە چەند عەبدانێک و بەندەگانێکن، لە ناو ئۆممەتی منذا هەڵدەکەون، کە خوا و پێغەمبەری خوایان زۆر خۆش دەوێ و، بە ڕاستی ڕوو دەکەنە خوا و لە ئایین و دین و شەریعەتی ئیسلام لا نادەن.

فەرمووی: لە ڕۆژی قیامەتدا، لە کاتێکدا، کە خەڵک لە شیددەتی موحاسەبەدا دەبن و زۆر دەترسن، ئەوان لەو پەڕی خۆشی دا دەبن و هیچ خۆفیان نابێ.

ئنجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە خوا لە سورەی یونس‌دا دەفەرموێ: ﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَ لَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ ئەی پێغەمبەر و، ئەی ئۆممەتی پێغەمبەر ئاگادار بن، کە کۆمەڵێ پیاو چاک و ئەولیای خواهەن، نەلە ڕۆژی قیامەتا خەوفیان هەیەو دەترسن، نە لە دنیا دا لە خەڵک ئەترسن.

ئەو زاتە بەرز و پیرۆزەش، کە لەم چەند دەقیقەدا لە خزمەتیدا دەبین، ڕۆژی ڕووناکی دنیای تاریکی سەردەمی خۆی بووە، زۆربەی تابیعینی ئەسحابی پێغەمبەر، بە قیبلەی ڕێگای خواناسی‌یان داناوە، کە ئەویش ئەستێرەی گەشی ئاسمانی یەمەنی، «حەزرەتی وەیسی قەرەنی»یە.

حەزرەتی «وەیسی قەرەن» لە زەمانی پێغەمبەردا بوو. بەڵام بە خزمەت پێغەمبەر نەگەیشتبوو.

«وەیسی قەرەنی» ئەو زاتە موبارەکە بووە، کە حەزرەت جارێک باسی کردووەو فەرموویەتی: [أُوَيْسُ الْقَرَنِي خَيْرُ التَّابِعِينَ] واتە «وەیسی قەرەنی» باشترین و چاکترینی تابیعینی ئەسحابی منە. هەروەها زۆرجار ڕووی موبارەکی دەکردە وولاتی یەمەن و، دەیفەرموو: [إِنِّي لَأَجِدُ نَفَسَ الرَّحْمٰنِ مِنْ قِبَلِ الْيَمَنِ] واتە من بۆنی ڕەحمەت وبەرکەت و هەناسەی خواپەرستی ڕاستەقینەو ڕەحمەتی خوا، لە یەمەنەوە ئەکەم، بە هۆی یەکێک لە ئەولیای ئۆممەتم کە «وەیسی قەرەنی»یە.

رۆژێک فەخری عالەم، سەیید و گەورەی ئەولادی ئادەم، حەزرەتی مُحَمَّدَ المصطفی (سەلات و سەلامی خوای لە سەر بێ)، رووی کردە ئەسحاب و فەرمووی: ئەی هاورێکانم! ئێوە نازانن، کە لە ناو حازریانی ئۆممەتی منذا عەبد و بەندەیەکی خوای گەورە هەیە، ئەوەندی لای خوا خۆشەویستە، لە رۆژی قیامەتا، بە هۆی شەفاعەتی ئەوەوە، خوای گەورە بە ئەندازەی تووکی مەڕی تائیفەی ڕەبیع و موزەر، لە گوناهباری ئۆممەتی من خۆش دەبێ ئەسحاب زۆریان ئەو فەرمایشتەی حەزرەت، لاعەجایب بوو. عەرزیان کرد، قوربان ئەوە کێیەو چ کەسە و چ کارەیە؟ فەرمووی: بەندەیەکە لە بەندەکانی خوا. دووبارە عەرزیان کرد: قوربان جا هەموومان هەر یەکە عەبدێکین لە عەبدانی خوا، ئەو عەبدە ناوی چیە؟ فەرمووی: «وەیسی قەرەنی»یە. گوتیان: قوربان تا ئیستا بە خزمەت جەنابت گەیشتووە؟ یان بە خزمەتت دەگا؟ فەرمووی، تا ئێستا بە چاوی سەرمنی نەدیوە، بە لاّم بە چاوی دلّ زۆر جار هاتۆتە لام و منی دیوە. ئەسحاب ئەوەندەی تریش واقیان ورماو ووتیان: ئەی قوربان ئەگەر نەوەندە عاشقی دیداری جەمالّی جەنابتە، بۆ تا ئیستا نەهاتووە بۆ خزمەتت؟ فەرمووی: ئاخر لە بەر دووشت؟ بۆی نەکراوە بێتە لام. یەکەم، لە بەر ئەوەی، «وەیسی قەرەنی» زۆربەی کات مەجزوبەو لە حاڵەتی جەزبە دایە منی لە بەر چاوە. دووەم، لە بەر خاتری خوڕمەتی شەریعەتی من و بۆ ئەوەی لە شەرع لا نەدا پێی نەکراوەو پێشی ناکرێ بێتە لام، چونکە دایکێکی زۆر پیری هەیە کوێر بووە، خزمەتی دەکا، فەرمووی: «وەیسی قەرەنی» بە رۆژ دەچێتە لای وشتر و مەڕ و ماڵ و، کە ئیوارەش هاتەوە خەریکی خزمەتی دایکی دەبێ و بێدلّی دایکی ناکا، جا لە بەر ئەوەی بێ شەرعی نەیەتە سەر، دایکی بە جێی ناهێلّی و بۆی ناکرێ بێتە لام. کە حەزرەت ئاوا باسی «وەیسی قەرەنی» کرد، زۆربەی ئەسحاب بە دلّ ئاواتیان خواست و بە زمان عەرزی پێغەمبەریان کرد و گوتیان: ئەی خۆشەویستی خوا، ئایا ئێمە چاومان بە

«وەیسی قەرەنی» دەکەوێ؟ پێغەمبەر تۆزێک بێ دەنگ بوو، لە پاشان سەری موبارەکی بەرز کردەوەو ڕووی کردە حەزرەتی ئەبوبەکری سدیق و فەرموی: تۆ «وەیسی قەرەنی» نابینی، بە لاّم لەم جەماعەتەتان عومەر و عەلی چاویان پێ دەکەوێ. عەرزیان کرد قوربان ناوو نیشانەی چیە؟ فەرمووی: ئیستا شوانە و لە لای چەپی و لە بەری دەستی ڕاستی بەقەد درهەمێک خاڵێکی سپی پێوەیە، بەلاّم ئەو خاڵە و پەڵە نەخۆشی بەڵەکی نیە بەڵکە مۆرو نیشانەیە.

فەرمووی: ئەگەر چاوتان پێ کەوت سەلامی منی پێ بگەیێنن و پێی بڵێن: دۆعا بۆ ئوممەتم بکا. پێغەمبەر (دروودی خوای لە سەر بێ)، «وەیسی قەرەنی» زۆر خۆش ویستووە، دەڵێن کاتێک پێغەمبەر (سەلات و سەلامی خوای لە سەربێ)نەخۆش کەوت، عەرزیان کرد، قوربان ئەگەر خوا نە خواستە جەنابت وەفاتی فەرموو جبەی موبارەکت شایانی شانی کێیە و بیدەین بە کێ؟ لە وەلاّمدا فەرمووی: بیدەن بە «وەیسی قەرەنی». ئای سەد هەزار خۆزگە بەو کەسەی، ئەوەندە لای خۆشەویستی خوا خۆشەویست بێ، کە حەزرەت وەسیەت بکا جبەی موبارەکی خەلاّتی ئەوبکرێ.

بەڵێ برای گۆێگر و خوێنەری خۆشەویست، زۆری نەخایاند، فەخری عالەم وەفاتی فەرموو: حەزرەتی ئەبوبەکری سدیق بوو بە خەلیفە و دوو ساڵ و سێ مانگ خەلافەتی کرد و لە عومری شەست وسێ ساڵیدا، لە ساڵی سێزدەی کۆچیدا لە مەدینە وەفاتی کرد. حەزرەتی عومەر ڕەزای خوای لێبێ بوو بە خەلیفە. حەزرەتی عومەر لە ماوەی خەلافەتیدا چوار کەرەت تەشریفی هاتووە بۆ ولاّتی شام و، جارێکیان دێتە شاری کووفەی لای نەجەف، لەو سەفەرەدا حەزرەتی عەلی لە گەڵ دەبێ. ئیمامی عومەر تەشریفی دەچێتە سەر مینبەر و خوتبەی جومعە دە خوێنێتەوە و لە پاشان ڕوو دەکاتە خەڵکە کەو دەفەرموێ: ئەی خەڵکینە، لە تائیفەی قەرەنیان کەستان لە ناو دایە؟ یاکەسیان لێ دەناسن؟ گوتیان:

بەڵێ ئەی خەلیفەی ئیسلام. چەند کەسێک هەستانە سەر پێو خۆیان نیشاندا، حەزرەتی عومەر فەرمووی: کەستان «وەیسی قەرەنی» دەناسن؟ عەرزیان کرد، بەڵێ قوربان دەی ناسین، بە لاّم «وەیس» پیاوێکی وانیە جەنابت ئەحوالّی بپرسی، کابرایەکی شێتی دیۆانەیە، بە زۆری لە دەشت و سەحرا دەژی، هەر شوێنێک خەڵکی لێبێ ڕووی تێ ناکا، کاتێک خەڵک، کەیف خۆشە و پێدەکەنی، ئەو دەگری، کە خەڵکیش غەمبار و نارەحەتن، ئەو پێدەکەنێ. حەزرەتی عومەر فەرمووی: دەزانن ئیستا لە کوێیە؟ گوتیان: بەڵێ ئیستا لە فلاّن جێگایە. حەزرەتی عومەر و حەزرەتی عەلی و چەند پیاوێکی شارەزایان برد و ڕۆیشتن، کە چوون تەماشایان کرد ئەواله سوجدە دایە و نوێژ دەکا، «وەیسی قەرەنی»ش کە هەستی ئەوانی کرد، نوێژەکەی کورت کردەوەو سەلامی دایەوە، حەزرەتی عومەر وەلاّمی سەلامەکەی دایەوە و فەرمووی، ئەی شوان ناوت چیە؟ گوتی: عبدالله حەزرەتی عومەر فەرمووی: جا هەموومان عەبدی خواین، ناوی تایبەتت چیە؟ ووتی: ناومم «ویسە». حەزرەتی عومەر فەرمووی: دەستی ڕاستم نیشان بدە دەستی ڕاگرت و فەرمووی: فەرموو، کە تەماشای کرد، ئەو عەلامەت و نیشانەی، کە پێغەمبەر (درودی لە سەر بێ) فەرموو بوونی، تیبدا ئاشکرا بوون، بەقەد پەنجا فلووسی یەک بەری دەستی وەک سەدەف سپی بوو، حەزرەتی عومەر و حەزرەتی عەلی زانیان کە ئەوە ئەو «وەیسی قەرەنی»ە، کە پێغەمبەر (سەلات و سەلامی لە سەر بێ) باسی دەکرد و وەسیەتی فەرمووی، کە جبەی موبارەکی بە خەلاّت بدەنێ، حەزرەتی عومەر دستی گرت و ماچی کرد، فەرمووی: ئەی «وەیسی قەرەنی» پێغەمبەری خوا فەرمووی: هەرکاتی چاوتان بە «وەیس» کەوت سەلامی منی پێ بەگەیەنن و ئەو جبەی منیشی بە خەلاّت بدەنێ و پێی بڵێن دۆعای خێر بۆ ئۆممەتم بکا.

«وەیسی قەرەنی»زۆری پێ خۆش بوو، گوتی: کوا، خەلاّتەکەم بدەنێ، تا دۆعا